Bundesamt für Fremdenwesen und Asyl

# زانیاری لەبارەی لێکدانەوەی هاوبەشێ زانیاری

## «تۆماری ناوەندیی کەسانی بیانی»

## بەپێی مادەی 13 و 14 لە ڕێسای گشتیی پاراستنی دەیتا (DSGVO)

**ناو و ناونیشانی پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسی کۆنترۆڵ:**


Bundesamt für Fremdenwesen und Asyl (نووسینگەی فیدراڵ بۆ کۆچبەری و پەنابەری)
Modecenterstraße 22, 1030 Wien
تەلەفۆن: 7004 98 133 59 -43+
فاکس: 7399 98 133 59 -43+
ئیمەیل: BFA-Einlaufstelle@bmi.gv.at


**ناونیشانی پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسی پاراستنی زانیاری:**


تەلەفۆن: 0 - 98 133 59 -43+
ئیمەیل: BFA-Datenschutzbeauftragter@bmi.gv.at


**ئەو مەبەستانەی کە زانیاریی شەخسییان بۆ پرۆسێس دەکرێت:**

پرۆسێسکردنی هاوبەش و بەکارهێنانی دەیتای کەسانی بیانی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی فیدراڵ، نووسینگەی فیدراڵ بۆ کۆچبەری و پەنابەری، نوێنەرایەتیەکان، دادگای ئیداریی فیدراڵ، ئەو دەسەڵاتدارانەی کە لە یاسای نیشتەجێکردنی کاتی و هەمیشەیی کەسانی بیانی دا دیاری کراون، فەرمانگە سەرەکیەکانی پۆلیسی هەرێمەکان کە لە تۆمارێکی ناوەندی دا تۆمار کراون، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری پۆلیسی بیانیەکان، بەرپرسانی نیشتەجێکردن و پەنابەری.

**بنەمای یاسایی بۆ پرۆسێسکردن:**

مادەی 26، 27، 29 و 58 لە یاسای فیدراڵ کە چوارچێوە گشتیەکان دیاری دەکات بۆ هەنگاوە یاساییەکان لای نووسینگەی فیدراڵ بۆ کۆچبەری و پەنابەری، بۆ وەرگرتنی مافی پاراستنی نێودەوڵەتی، وەرگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێبوون لەبەر بارودۆخی ئاوارتە، دیپۆرتکردن، دواخستنی دەرکردن، و هەروەها دەرکردنی فەرمان بۆ هەنگاوەکانی کۆتاییهێنان بە نیشتەجێبوون و دەرکردنی بەڵگەی نەمسایی بۆ کەسانی بیانی (یاسای ڕاپەڕاندنی کاری BFA، BFA-VG) لەگەڵ یاسای حکوومەتی ئەلەکترۆنی، و فەرمانی سنووردارکردنی حکوومەتی ئەلەکترۆنی، و ڕێسای تۆماری سۆرسپین (SourcePIN)، و فەرمانی تۆماری ناچاری، و یاسای فیدراڵ بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی جەماوەر، شوێنی کار، بینا و ئاپارتمان (یاسای سەرژمێریی دەزگای تۆمار).

**ئەو ماوەیە کە دەیتای شەخسی هەڵدەگیردرێت:**

ئە دەیتایەی کە بەپێی یاسای ڕاپەڕاندنی کاری BFA کۆ کراوەتەوە دەبێ لە کۆتایی دا بە شێوەی فیزیکی لە ناو ببرێن

1. ئەگەر ئەو کەسە مافی هاووڵاتیبووونی نەمسای پێ بەخشرابێت، هەرکاتێک ئەو دەیتا ئیتر پێویست نەبێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەڵگەیەک کە بۆ ئەوە کەسە وەکوو کەسێکی بیانی دەرکراوە؛
2. هەرکاتێک نووسینگەی فیدراڵ بۆ کۆچبەری و پەنابەری یان دادگای ئیداریی فیدراڵ ئاگادار کرابێتەوە کە ئەو کەسە مردووە و لەو کاتەوە پێنج ساڵ تێپەڕیوە، یان
3. دە ساڵ دوای دەرچوونی بڕیاری کۆتایی بۆ هەنگاوێکی یاسایی لە نووسینگەی فیدراڵ بۆ کۆچبەری و پەنابەری یان لە دادگای ئیداریی فیدراڵ، یان دوای پاشگەزبوونەوە لە داواکاریەک، داخستنی داواکاریی پەیوەست بە هەنگاوە یاساییەکە، یان کاتێک بابەتی داواکاریەکە نەمابێت. ئەگەر بڕیاری قەدەخەکردنی هەمیشەیی هاتنەناوەوە یان نیشتەجێبوون بۆ کەسەکە

دەرکرابێت، ئەمە نایگرێتەوە. ئەگەر بایەخ یان ڕەوایی هەنگاوێکی کاتی بۆ کۆتاییهێنان بە نیشتەجێبوون بە سەر بچێت دوای ئەو کاتەی کە لە حوکمی یەکەم دا دیاری کراوە، لەگەڵ نەمانی بایەخ یان ڕەوایی ئەو هەنگاوە، دەبێ دەیتاکە لە ناو ببرێت.

**دەستەکانی ئەو لایەنانەی کە دەیتای شەخسییان پێ دەدرێت:**

1. دەزگاکانی ئاسایش بەو شێوەی کە لە مادەی 4ی یاسای پۆلیسی ئاسایش دا دیاری کراوە
2. بارەگاکانی پۆلیسی پارێزگا
3. ئەو دەسەڵاتدارانەی کە لە یاسای نیشتەجێکردنی کاتی و هەمیشەیی کەسانی بیانی دا دیاری رکاون؛
4. دەسەڵاتدارانی نوێنەری نەمسا لە دەرەوەی وڵات
5. نووسینگەی فیدراڵ بۆ کۆچبەری و پەنابەری
6. دەسەڵاتەکانی لێپێچینەوەی یاسایی
7. بەرپرسانی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی دارایی
8. ئەو دەسەڵاتدارانەی کە ڕاسپێردراون بۆ جێبەجێکردنی یاسای کاری بیانی
9. فەرمانگەکانی تۆماری مەدەنی
10. بەرپرسانی کاروباری هاووڵاتیبوون (سیتیزنشیپ)
11. دەسەڵاتدارانی تۆمارکردنی نیشتەجێبوون
12. نووسینگەی نوێنەری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لە نەمسا
13. ڕاوێژکارانی یاسایی بەپێی مادەی 49 تا 52 لە یاسای ڕاپەڕاندنی کاری BFA
14. ئەو لایەنە بەڵێندەرانەی کە بەشدارن لە ڕێکەوتنامەیەک سەبارەت بە دیاریکردنی ئەو وڵاتە و دواتر دەزگاکانی ئەو وڵاتەی کە دەبێ ڕێساکانی دابلین جێبەجێ بکات و شیاوە بۆ تاوتوێکردنی کەیسێکی داوای پەنابەری یان داوای پاراستنی نێودەوڵەتی
15. ئەو دەسەڵاتە بیانیانەی کە بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی پەیماننامەی جنێڤ بۆ پەنابەران، کاتێک بێ ناردنی کەیس بۆ لای ئەم دەسەڵاتانە ئیمکانی دیاریکردنی ناسنامە و هەروەها پێدانی پەنابەری نەبێت، بە مەرجێک کە دڵنیا بین ئەمجۆرە دەیتایانە نادرێن بە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی کە پەنابەر یان پەنادراو ئیدعا دەکات دەترسێت لەوێ ئەشکەنجە و ئازار بدرێت
16. دەسەڵاتدارانی خۆشگوزەرانیی گەنجان
17. ئەو دەزگا فیدراڵ و هەرێمیانەی کە کاروباری پەیوەست بە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی چاودێری و خزمەتی بنەڕەتی ئەنجام دەدەن؛
18. خزمەتی دامەزراندنی گشتیی نەمسا (AMS) و ئەو دەسەڵاتدارە ناوچەییانەی کە ڕاسپێردراون بۆ دابینکردنی چاودێری و یارمەتیدان بۆ تێکەڵبوونی پەنابەر لەگەڵ کۆمەڵگا
19. دەزگا تەندروستیە هەرێمیەکان و فیدراسیۆنی دەزگاکانی بیمەی کۆمەڵایەتیی نەمسا

20. دادگا ئیداریەکانی پارێزگا فیدراڵەکان

21. دادگا مەدەنیەکان و دادگاکانی تاوان و هەروەها زیندانەکان

22. وەزارەتی فیدراڵی ئەورووپا، تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا و کاروباری دەرەوە

23. دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئەسڵیی پەنابەر

24. دەسەڵاتی تۆماری سۆرسپین (SourcePIN) لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانە دا کە لە یاسای حکوومەتی ئەلەکترۆنی دا دیاری کراون.

25. دەزگای ئاماری نەمسا

26. بنکەکانی پەیوەندیی نیشتمانیی دەسەڵاتدرانی تری نیشتەجێکردن لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئەورووپی (EU) لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی فیدراڵەوە

27. دەزگاکانی ئاسایشی بیانی لە هەموو وڵاتانی جیهان

28. ڕێکخراوەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی

29. دادگای ئیداریی فیدراڵ

30. وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپی

31. وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی فیدراڵ

32. ڕاوێژکارانی گەڕانەوە

لێکدەرەوەکان (کە لە مادەی 4، ئایتێمی 8 لە DSGVO دا دیاری کراون، بە تەرتیب، مادەی 36، بەشی 2، ئایتێمی 9 لە یاسای پاراستنی دەیتا (DSG)):
;IBM Österreich - Internationale Büromaschinen Gesellschaft m.b.H.
;Bundesrenchenzentrum GmbH ;Microsoft Österreich GmbH
Atos IT Solutions and Services GmbH

Bundesamt für
Fremdenwesen
und Asyl

**مافەکانی سووژەی دەیتا:**

مافی سکاڵاکردن:

بەپێی مادەی 24، پاراگرافی 1 لە یاسای پاراستنی دەیتا (DSG)، خەڵکمافی ئەوەیان هەیە سکاڵا بدەنە دەسەڵاتی پاراستنی دەیتای نەمسا (1080 Wien, Wickenburggasse 8، تەلەفۆن 0-152 52 1 43+، ئیمەیل dsb@dsb.gv.at).

مافی دەستپێگەیشتن، مافی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان یان سڕینەوەی دەیتای شەخسی:

مافی دەستپێگەیشتن لە مادەی 15ی DSGVO دا دیاری کراوە.

مافی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان لە مادەی 16ی DSGVO دا دیاری کراوە.

مافی سڕینەوە («مافی لەبیربردنەوە») لە مادەی 17ی DSGVO دا دیاری کراوە.